# کوردەکانی ناو پارتە چەپەکانی ئەوروپا و هەڵوەستەیەك

عەلی مەحمود محەمەد

چەپ بوون میتۆدیی کارکردن و ڕێبازێکی سیاسیی دیاریکراوی نا لاستیکییە , ڕاستە لە هەر ولاتەی تایبەتمەندی خۆی هەیە , بەلام هێلە گشتییەکانی لە جیهاندا هاوبەشە , ئەویش دۆزینەوەی شێوازی کارکردنە بۆ کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوە .

واتا چەپ بوون لە گشتدا پەیامەکانی هاوبەشە , بەلام لە خەبات و گەیشتن پێ ی و جێبەجێکردنی بەرنامەکەی جیاوازی بیرکردنەوە هەیە , کۆمەلێك هۆکار ئەو جیاوازییانە دیاریدەکەن , لەوانە باری ئابوری , داب و نەریت , ئاین , ئامادەیی خەلك و ئەزمونی گەل و پارتەکە .

ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم , هۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی ئەوروپا لەناو پارتە چەپەکان ئاکتیڤن ؟؟؟ , کە بەشێکیان پلەی حیزبی بشیان بڕیووە . کە زۆربەیان ئەندامن لە پارت گەلێکی کوردستانی هاوتەریبی فکرییان لەگەڵ ئەو پارتە ئەوروپیانە نییە , ئایا ئەم دژایەتی فکری – سیاسییە چەندە لە گەڵ بیری چەپگەرا یەك دەگرێتەوە ؟ .

دەبینین غەریبایەتییەك لە نێوان بیرکردنەوەی ئەو بەڕێزانە و میتۆد و بیری ئەو پارتانە هەیە کە لە ڕیزیدا ئەندامن , کەم هەڵدەکەوێت ئەو کەسانە لەگەڵ ئەو پارتە چەپانە یەك بیرکردنەوەو بۆچونیان هەبێت , بە تایبەت لە بەرامبەر نا یەکسانی کۆمەلایەتی لە کوردستان و هەلوێستی پارتە سیاسییەکان لەو نایەکسانییە , کوردستان هەموو ببێت بە خوێن , هەرچەندە ئەندامی پارتی سەوزە چەپلەی بۆ لێدەدات , لێ لە بەر ئەوەی تەنها لەناو پارتە چەپەکان هەست بە مرۆڤ بونی خۆیان لەو ولاتانە دەکەن بۆیە دەچنە ڕیزی ئەو پارتانە .

ئەمە بۆ هەموو ئەوروپا ڕاستە , کەسانی تا سەر ڕاستڕەوی کورد , یاخود پەروەردەی کولتوری سیاسی دیکتاتۆری و شەڕەنگێز , لە ناو پارتە سەوز و چەپەکانی ئەوروپا دەچنە پێش و پلەی پارتی و کارگێری باش وەردەگرن , دەبنە پارچەیەکی نامۆ لە ناو ئەو پارتانە , بۆیە بە متمانەوە دەلێم کەمجار ڕێك دەکەوێت , ئەوکەسانەی دەچنە ڕیزی ئەو پارتانە بە عەقلی پارتە ئەوروپییەکە بیر بکەنەوە , هاوجووتی بیرکردنەوە لە نێوان پارت و کەسەکان هەبێت ! .

ئەوەی وا لەو کەسایەتییانە دەکات بچن ڕیزی ئەو پارتە چەپانە , کۆمەلێك هۆکاری هەلپەرستانەیە , نەك بیر و باوەڕ , گرنگترینییان بریتین لە :

- پارتە کوردییەکانیان هانیان دەدەن .
- بگەن بە پلەی بەرز , چونکە تەنها پارتە چەپەکانن جیاکاری لە نێوان تاکەکان ( پەنابەر – دانیشتووانی ڕەسەن ) ناکەن

دەتوانم ڕاشکاوانە بلێم بەشی زۆری ئەو کوردانەی چالاکن لە ڕیزی پارتە چەپەکانی ئەوروپا , تا سەر ئێسك دوژمنی بیروباوەڕی ئەو پارتانەن لە کوردستان و بە موو هاوبەشی فکر و سیاسی نییە لە نێوان ئەو پارتانەو ئەوان .

ئاخر تۆ ناتوانیت لە ناو پارتە ئەوروپییەکەت چەپگەڕا بیت , لە ناو پارتە کوردستانییەکەت ئەنتی چەپ بیت و چەپلە بۆ خوێن و گەندەلی لێبدەیت و چاوەڕوانی دەسکەوت بیت , چەپەکانی ئەوروپا ئەو مرۆڤە سادەو ئیشکەرانەن مێژو مولکدارییەتی و بۆینباخییان تێ هەلداوە , جادەو خەلك و پڕ کردنی ورگی هەژارانییان هەلبژاردووە .